پەرلەمانی عێراق دانیشتن بە دەنگدان لەسەر ژمارەیەک پڕۆژە یاسا لەوانە هەموارکردنی بودجە ئەنجام دەدات



بەیارە سبەی یەکشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامبدات بۆ تاوتوێکردن و دەنگدان لەسەر ژمارەیەک پڕۆژە یاسا لەوانە هەموارکردنی یاسای بودجەی فیدراڵی.

بەگوێرەی خشتەی کارەکانی دانیشتنەکە، "دانیشتنەکە دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵانی دارایی (2023-2024-2025) ژمارە 13ـی ساڵی 2023 بەئەنجامدەچێت، کە لە پەرتەکی لێم بارییەوە لەلایەن لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقەوە ئامادەکراوە.

بەیار ڕەشید، ئەندامی یەکێتیی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی دووپاتی کردووەتەوە: "لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو 2025/1/13 خوێندنەوەی دووەمی هەموارکردنی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی ئەنجامدرا و بڕەکانی بڕەمەبنانی نێوت لە هەرێمی کوردستان بۆ 16 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دیاری کرا".

هەموارکردنی بڕگەی نێوتی هەرێم بۆئامانجی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نێوت لەهەرێمی کوردستانە کە بۆهەی ناکۆکی لەسەر تێچووی بڕەمەبنان و هەناردەکردنی نێوت وەستاوە و بەدەنگی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر هەموارکردنەوەکە، هاوردەکردنی فرۆشتنی نێوتی هەرێم بەشداری دەکات لەپێکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی فیدراڵی و زیادکردنی داهات و بەشداری لە داهاتی فیدراڵی